هەندێکتان جەڵد لە ئافرەتەکەی دەدات (وا دەزانێت) کۆیلەی ئەوە، وپاشان لە کۆتایی ڕۆژدا سەرجێی لەگەڵدا دەکات

لە عبداللەی کوڕی زەمعەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە وتاری دەدا، وباسی ئەو وشترەکەی کرد وباسی ئەو کەسەی کرد کە کوشتی (مەبەست لە باسی وشترەکەی قەومی پێغەمبەر ساڵحە -عليه السلام-)، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «إِذِ انبَعَثَ أشقاها» واتە: «کاتێک خراپەکارترین پیاویان نێردرا»، پیاوێک نێردرا کە تاک بوو (لە ڕووی خراپەکارییەوە)، خراپەکار (دڕندە) و بەهێز بوو لە نێو قەومەکەیدا»، وپاشان باسی ئافرەتانی کرد، وئامۆژگاری کرد بە باشی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا، وفەرمووی: «هەندێکتان جەڵد لە ئافرەتەکەی دەدات (وا دەزانێت) کۆیلەی ئەوە !، وپاشان لە کۆتایی ڕۆژدا سەرجێی لەگەڵدا دەکات»، وپاشان ئامۆژگاری کرد سەبارەت بە پێکەنینی هەندێک کەس بەهۆی با دەرچوون لە(لە پاشەوە)، وفەرمووی: «ئایا بۆچی پێدەکەنن بە یەکتر لە کاتێکدا هەریەکێکتان خۆی ئەوە دەکات؟».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وتاری دەدا و عبداللە کوڕی زەمعە بیستی کە لە وتارەکەیدا باسی ئەو وشترە دەکات کە خودا وەکو موعجیزەیەک بەخشی بە پێغەمبەر ساڵح -عليه السلام-، وهەروەها پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەو کەسەیشی کرد کە وشترەکەی کوشت، کە ناوی قوداری کوڕی سالف بوو کە خراپەکارترین کەسی نێو قەومەکەی بوو، لە وەسفەکانی: نمونەکەی کەمە (لە زیانلێداندا)، زۆر خراپەکارە، خاوەنی هێز ودەسەڵاتە لە نێو قومەکەی. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە وتارەکەدا فەرمووی: (هەندێکتان جەڵد لە ئافرەتەکەی دەدات - وا دەزانێت- کۆیلەی ئەوە !): ئەمیش لێدانی توند دەگرێتەوە، ومانای فەرموودەکە ئەوە دەردەخات کە دووڕە لەوەی ئەم کردەوەیە کەسی ئاقڵ ئەنجامی بدات، چونکە ئەگەر لە کەسێک بدرێت بەو تونديە چۆن دواتر داوای لێدەکات کە بچێت بۆ لای وجیماعی لەگەڵدا بکات، چونکە زۆر جار ئەو کەسەی لێی دەدرێت حەز بەو کەسە ناکات کە لێی دەدات، ولێرەدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەرزەنشتی ئەم جۆرە مامەڵەکردنە دەکات لە گەڵ خێزاندا، وئەگەر کەسێک ویستی خێزانەکەی ڕێک بکاتەوە -تەربیەتی بدات- ئەوا با بە لێدانێکی سووک بێت کە زیانی پێ نەگەیەنێت ولە دەموچاوی نەدات بە هیچ شێوەیەک وئەم لێدانە نەبێتە هۆی ئەوەی ئافرەتەکە بە تەواوی حەزی لێنەکات، بۆیە پێویستە زیادەڕەوی نەکرێت لە لێدان وڕێک کردنەوەدا -تەمبێکردندا-. پاشان (ئامۆژگارییانی کرد): واتا ئاگاداریانی کردەوە. (سەبارەت بە پێکەنینی هەندێک کەس بەهۆی با دەرچوون -لە پاشەوە-): چونکە پێکەنین بەو کەسەی بە بێ ویستی خۆی بایەکی لێوە دەردەچێت، پێچەوانەی ڕەوشت وئاکاری بەرزە وهەروەها شکاندنەوەی ڕێز وحورمەتی کەسی بەرامبەرە، وبۆ ناشیرینکردنی پێکەنینی ئەم جۆرە کەسانە فەرمووی: (ئایا بۆچی پێدەکەنن بە یەکتر لە کاتێکدا هەریەکێکتان خۆی ئەوە دەکات؟): چونکە پێکەنین سەبارەت بە شتێکی سەیر ونامۆ دەبێت، وئەمەی کە ڕووەدات هەموو کەسێک ئەمەی بەسەریدا ڕووەدات؛ ئیتر بۆچی کەسێک بە شتێک پێدەکەنێت وگاڵتەی پێدەکات کە لەوەیە لە خۆیشیدا هەمان شت ڕووبدات ئایا ئەو حەز دەکات خەڵکی پێی پێبکەنن، بۆیە ئەگەر مرۆڤ بە بێ ویستی خۆی بای لێوە دەرچوو نابێت بشکێندرێتەوە، مەگەر کەسێک سەرزەنشت دەکرێت کە بە ئەنقەست هەوڵدەدات بای لێوە دەربچێت بۆ ئەوەی خەڵکی پێی پێبکەنن.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3070